کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
1-2-2007 19:30 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بەلایەنی کەمەوە ملیۆنێک منداڵ لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا بۆ فرۆشتنی ئەندامەکانی لەشیان فرۆشراون ... ئا: رێبوار عەزیز*

پرۆسیسەکانی کوشتنی بیست و چوار منداڵی گەرەکی نیتهاری هیندستان، کەگەرەکێکی هەژارنشینی ناوچەی نوەیدای دەوروبەری دەلهی پایتەختی هیندە، ئاماژەیە بۆ بازرگانیەکی مەترسیداری ئەندامانی لەشی مرۆڤایەتی کەبەهۆیەوە ژیانی هەزاران منداڵ لەپارچەکانی دنیادا رووبەرووی دەکرێنەوە.
بازارەکانی کڕین و مامەڵەی بەشەکانی لەشی مرۆڤ بەتایبەتیش ئەندامانی وەکو چاوو دڵ و چەند پارچەیەکی دیکەی منداڵ جمەیان دێت و راپۆرتەکان ئەوە دەخەنەڕوو کەزیاتر لەملیۆنێك منداڵ لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا.
بۆ کڕین و مامەڵەکردنی ئەندامەکانی لەشیان کوژراون و رفێنراون بەشێوەیەك کەنرخی چاو دەگاتە 10 هەزار دۆلارو دڵیش گەیشتووەتە 50 هەزار دۆلار زیاتریش، راپۆرتە رۆژنامەوانیەکان ئەوەش ناشارنەوە کەلەکاتی گۆڕینی خوێنەکانیاندا تەنها بەبڕی لە 10% سودیان لی دەبینرێت و تەنها ئەو رێژەیە دەمێنێتەوە ئەو بازارانەی مامەڵەی کۆئەندامەکانی منداڵان پێوە دەکرێت تادێت گەشەتر دەکات و رۆژانەش منداڵان دەبنە قوربانی ئەو سەودایە.
بازارەکانی مامەڵەی ئەندامانی بەشی مرۆڤ سەرەڕای وڵاتە پێشکەوتووەکان هەریەکە لەوڵاتانی ئاسیاو ئەورووپای رۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ئەمریکای لاتینی و ئەفریقای گرتوتەوە.
ئەو ناوەندانەی ئەو کارە ئەنجامدەدەن دەشێت لەرێگەی کارکردنی منداڵەوە بێت لەسەرتادا بەپێدانی پارەیەکی ئەوتوو بەکەس و کاری منداڵان و دواتریش رفاندنیان بێت لەلایەن چەند ناوەندێکی تری تایبەتی ئەو کارەوە و دواتریش ئەنجامدانی کوشتنیان، بەو پێیەی بۆ هەر منداڵێك بڕی 20-50 هەزار دۆلارێك دەبەخشن بەپێچەوانەشەوە دەشێت بەشێکی منداڵانی وڵاتە هەژارەکان لەرێگەی کەس و کاریانەوە کۆئەندامی منداڵەکانیان لەبەرامبەر 500 دۆلاردا بفرۆشن..
د. سام فاکزین گەورە هەواڵسازی ئابوری لەئاژانسی "united international press" ئەوە رادەگەیەنێت" کەنرخی گورچیلەی مرۆڤێك لەتورکیا دەگاتە پێنج هەزار دۆلار هەورەك گورچیلەیەکی هندی یان مرۆڤێکی عیراقی دەگاتە هەزار دۆلار، ئەو پارەیەش دەدرێتە ئەو کەسانەی کە گورچیلەکانیان فرۆشتوە".
راپۆرتێکی رۆژنامەوانی کەلەمدوایە بلاوکراوەتەوە باسی لەو ژن و پیاوە ئیتالیا کردووە کەمنداڵێکی ئەڵمانیان لەتەمەنی پێنج ساڵیدا لەبەرامبەر 6 هەزار دۆلاردا کڕیووە ئەمەشیان باشترین ئاماژەیە بۆ ئاشکراتربوونی ئەم جۆرەی بازرگانیەتی.
هەواڵەکانی کۆتای ساڵی 2000 لەروسیا ئەوەیان جەخت لێکردەوە کەپیرەژنێکی بەساڵاچوو بەهاوکاری مامێکی منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵ بەناوی "ئاندریە" گورچیلەکەیان لەبەرامبەر 90 هەزار دۆلاردا فرۆشتووە بەرۆژئاوایەکان.
دیك فان فلزین پسپۆری نەخۆشیەکان لەنەخۆشخانەی "ئالدارهای" منداڵان لەشاری لیڤەرپوولی ئینگەلنەرا دان بەوەدا دەنێت کە"بەسەدان کۆئەندامەکانی منداڵانی گواستەوەتەوە و لەنەخۆشخانە جۆربەجۆرەکانی وڵاتاندا خەزنی کردوون"
ئەو دکتۆرە لەبەرنامەی پانۆرامی کەناڵی BBC روونیشی کردوەتەوە کەئەندامانی لەشی منداڵان دراون بەکۆمپانیاکانی دەرمان و ئەمان زۆرینەیان کڕیووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

راپۆرتێکی تری پزیشکی بەریتانی ئاشکرای دەکات کەنزیکەی 20 هەزار دڵی منداڵان و نزیکەی 15 هەزاریش چاو دەماغ و پارچەکانی تر کەمنداڵی تازە لەدایکبووبوون بەم دوایە خراونەتە نێو بازاڕی مامەڵەکردنەوە.

پرۆفیسۆر فان فلزین بەهۆی ئەو تاوانباریانەی ڕووبەڕووی کرانەوە لەنەخۆشخانەیەکی کەنەدی دەرکراو لەلایەکی دیشەوە لەساڵی 2004دا پزیشکانی ئیسرائیلی تاوانبارکران بەکڕینی کۆئەندامە هەستیارەکانی منداڵانی فەلەستینی.

ملیۆنان کەس لەنەخۆشخانەکانی جیهاندا چاوەڕوانی چاندنی هەریەکە لەگورچیلەو دڵ و بەنکریاس و دەیان ئەندامی تری هەناو دەکەن ئەمە لەلایەك و گەشەکردنی زانستی گواستنەوەی کۆئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و ئاسان دانانیان بۆ مرۆڤێکی تر لەلایەکی ترەوە دوو هۆکارن بۆ زیاتربوونی دیاریەکە هەروەك ناکرێت ئەوەش لەبیربکرێت کەلەشی مرۆڤ سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دروستکردنی ماددەی خام ئەمە جگە لەوەی دەرمانسازان لەڕێگەی چەندین کۆئەندامی ترەوە بەدەیان ئەزمونیان ئەنجامداوەو سودیان لەچارەسەری تردا بینیوە.

ناتیس شیبر هیوز مامۆستای ئەنسرۆبیۆلۆژی لەزانکۆی بێرکی و یەکێك لەدامەزرێنەرانی ڕێکخراوی "ئۆرگانۆچ" لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی لەم مەسەلەیە ئەنجامداوەو ولآتانی نموونەی ئەژەنتین و بەرازیل و کوبا و ئیسرائیل و تورکیاو باشوری ئەفەریقاو ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئاسیای هێناوەتەوە هەروەك باسی ئەو یاسایەشی کردووە لەچیندا "چاندنی بەشێکی مرۆڤێك بۆ یەکێکی دی" لە سێدارەدانی بەدواوەیە. دەسەڵاتدارانی هەندێك لەولآتان یاسای توندیان بۆ قەدەغەکردنی ئەو مامەڵکردنەی مرۆڤ داریشتووە بەنموونە لەئەژەنتین و باشوری ئەفەریقا بڕیاردراوە ڕفێنەرانی منداڵان بەمەبەستی کڕینی پارچەکانی لەشیان مردنی کەسەکەی لی دەکەوێتەوە.

پرۆفیسۆر ئۆرگانۆچ نموونەیەکی ساڵی 1996 دەهێنێتەوە و باس ئەو بڕیارە دەکات کەبەسەر چوار ئەمریکیدا سەپێندرا کەتاوانبارکرابوون بەدزین و کڕینی زیاتر لەهەزار مرۆڤ و دواتریش دادگا بڕیاریدا بۆ هەریەکەیان بڕی هەزار دۆلاری ئەمەریکی لەبەرامبەر هەر مردوویەکدا بدەن.

دکتۆر کرۆکیت پسپۆڕی گورچیلە (بەرەچەڵەك بەریتانی) لەساڵ 1989ەوە بەهۆی چاودێریکردنی کۆڕیکی بازرگانیکار بەگورچیلەی منداڵانەوە لەکارکردن دوور خراوەتەوە، لەدانپێنانەکانی ئەو دکتۆرەدا دەرکەوتووە کەکاری دەرکردنی گورچیلەی منداڵانی تورك و هندیەکانی کردووەو بۆ کەسانی تر چاندویەتی.

گرتنی پارێزەرێکی ئەمریکی لەشاری پیرۆ لەساڵی 2004دا بۆ ئەوە گەڕایەوە کەئەو پارێزەرە دانی بەوەدا ناوە کەتەنها لەماوەی سێ مانگدا سێ هەزار منداڵی بەمەبەستی فرۆشتن گواستوەتەوە بۆ ولایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاو ئیتالیا.

زۆرترین ئەو ولآتانەی قوربانی ئەم جۆرەی بازرگانیکردن بریتین لەولآتانی ئەمریکای باشوریو بەرازیل، بۆ یەکەمجاریش لەساڵی 1986 دا ئەم دیاردەیە لەناوچەکانی ئاڵتیلانۆ و تۆمبلیاس و دەوروبەری سینت لوسی ئەمریکای باشوری دەرکەوت کەتێدا چەندین منداڵ ئەو کارەیان لەگەڵدا کرابوو، لەراپۆتەکانیشدا ئاماژەبەوە کرابوو کەزۆرینەی منداڵان هێنرابوونە سنوورەکانی دەوروبەری ئەمریکا.

لەو ولآتدا دیسان فەزیحەتەکە جارێکی ترتەقیەوە کاتێك هێزەکانی پۆلیس بڕیاری دەستگیرکردنی دوو ئیسرائیلیان دەرکرد کەتاوانبارکرابوون بەرفاندنی منداڵێکی یەکێك لەخێزانە هەژارەکانی فەلەستین لەبەرامبەر هەزار دۆلار و گورچیلەکیان فرۆشتووە خێزانێکی دەوڵەمەندی ئەمریکی کەپێویستیان بەچاندنی ئەو گورچیلەبوو بۆ منداڵەکەیان هەروەك لەساڵی 1999 شدا فەزیحەتەکە ڕووی لەئیتالیا کرد دوای ئەوەی 40 هەزار منداڵی بەرازیلی هێنرابوونە ئەو ولآتە بەمەبەستی گۆڕینی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كۆئەندامەكانیان لەماوەی 4 ساڵی پێشووتردا، هەریەكە لەدادوەرانی سلڤادۆری ئەنجیلۆ گارگانی و سیزار مارتینۆ ئاماژەیان بەبوونی یانەی مافیا كرد كەلەو بوارەدا كاریانكردووە بەو پێیەی ئەو مافیایانە دوای ڕفاندنی ئەو منداڵانە بەمەبەستی پشكنین (التشريح) هێنراوەتە دەرمانخانەكانی وڵاتانی مەكسیك و تایلاند و هەندێك لەوڵاتانی ئەوروپا.

ڕۆژنامەی"لۆس ئەنجلۆس تایمز" نۆ ساڵ بەر لەئێستا بڵاوی كردبووەوە كەلەوكاتەدا حەڤدە دەرمانخانەو تاقیگەی پشكنین تەنها لەشاری تیگوانادا هەن كەتێدا گورچیلەیان تێدا دەچێنرێت و ڕۆژنامەكە ئەوەشی نوسیبوو كە"منداڵانی ئەمریكای باشور خزمەتی منداڵانی ئەمریكای باكووریان پێدەكرێت لەبەرامبەر پارەیەكی دیاریكراودا"، هەمان ئەو ڕۆژنامەیە ئەوەشی ڕوونكردوبوەوە كەپێگەی ئەو ناوەندانە دەكەونە سنورەكانی نێوان وڵاتی مەكسیك و ولایەتە یەككگرتووەكانی ئەمریكا هەر لەوێشەوە دەفرۆشرێنە منداڵانی خێزانە دەوڵەمەندەكان

دوو ساڵ بەر لەئێستا ڕاپۆرتە ڕاگەیاندنییەكان ئەوەیان ڕوونكردەوە كەزۆرینەی منداڵان لەدوای لەدایكبوونیان لەدایكیان دەسەنرێنەوەو پاشتریش بەباوكیان دەگوترێت كەمنداڵەكەیان مردووە.

لەهەندێكی وڵاتان بابەتانەكانی فرۆشتنی جەستە بەناشەرعی دادەنرێت هەرچی پاكستانیشە كەوڵاتێكە زۆرینەی دانشتوانەكەی موسڵمانە بەلایەوە ئاساییەو لەو بارەیەشەوە ڕۆژنامەی "پاكستان تریبۆن" ئەوەی دەربڕیووە كەزۆربەی نەخۆشە ئەوروپییەكان بۆ چارەسەركردنی لەشیان ڕوویان لەپاكستان كردووە و وڵاتەكەشی دەرگای بۆ ئەو ئەوروپیانە واڵا كردووە.

هەرچی وڵاتی ئەفگانستانیش بێت لەساڵی 2004دا چەند حاڵەتێكی وا ڕوویداوەو وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتەی "عەلی ئەحمەد جەلالی" ئەوەی ڕاگەیاند" بەسەدان منداڵ لەرێگای ناشرعیەوە لەماوەی چەند ساڵێكی رابردوودا لەئەفگانستان ڕفێنراون، هەندێكیشیان بۆ مەبەستی چاندنی كۆئەندامەكانیان ئەو كارەیان لەگەڵدا كراوە".

ئەوەی جێی ڕامانی مرۆڤایەتیە پێگە جیهانییەكانی مافی مرۆڤ و بەتایبەتیش مافی منداڵ شوێنگەیان بەشێوەیەك نییە پەرچەكرداری ئەو مەسەلە هەستیاری ژیانی مرۆڤایەتی دابێتە و ئەگەریش هەبن ڕەنگە كاریگەریەكی ئەوتۆیان لەواقیدا نەبووبێت بەهەرحاڵ پرۆسیسەكە تاوەكو ئامادەكردنی ئەم بابەتەش بەردەوامی هەیەو لەئیستاشدا بری پارچەیەكی هەستیاری لەشی مرۆڤ دە هەزار دۆلاری ئەمریكایی دەكات.

ئەندامی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ
سەرچاوە ڕۆژنامەی ئەلحەیات چاپی لەندەنی و نوسینەكانی براكریتی گوتبا لەباشور ئاسیا

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.